# دایەن

نووسینی : چیخۆف

وەرگێڕانی لە ئنکلیزییەوە: کازیوە ساڵح

چەند ڕۆژێك بەر لە ئێشتا یۆلیا ڤاسەلێڤنا ی دایەنی مناڵەکانم بانگ کرد بۆ شوێنەکەی خۆم ,بۆ ئەوەی حسابی ئەو مانگەی لە گەڵدا یەکلا بکەمەوە..

پێم گووت " یولیا ڤاسەلێڤنا " فەرموو دانیشە , با حسابەکەتان یەکلا بکەینەوە , دڵنیام پێویستت بە پارەیە , لە گەڵ ئەوەشدا لە ئاهەنگەکەدا بە پێوە وەستابوویت و هەرگیز داوات نەکرد .با بزانم .ئێمە بڕیارمان وابوو کە مانگی سی ڕۆبڵت بدەینێ .

- وایە ؟

- چل بوو

" نەخێر سی بوو , من تێ بینیم دەربارە نووسیوە , هەمیشەش سی ڕۆبڵم داوە بە دایەنی مناڵەکانم , ئێستا با بزانین , تۆ ماوەی دوو مانگە لە گەڵ ئێمەدایت ؟

- دوو مانگ و پێنج ڕۆژ .

- " دوو مانگی تەواوە , من تێبینیم دەربارە نووسیوە . کەواتە تۆ شەست ڕۆبڵت دەکەوێت . نۆ یەك شەممانی لێ دەربکە , چونکە تۆ لە یەك شەمماندا وانە بە "کۆڵیا " ناڵێیتەوە و تەنها دەچنە دەرەوە بۆ گەڕان و پیاسە , هەروەها سێ پشووش .

- یوڵیا ڤاسەلێڤنا لە شەرمدا سوور بووەو چاوی بڕییە نەخش ونیگاری کراسەکەی و هیچی نەگووت .

- "سێ پشووش واتە دوازدە ڕۆبڵ دەردەکەین , کۆڵیاش چوار ڕۆش نەخۆش بووە و تەنها ئاگات لە ڤانیا بوو نەك ئەو , پاشان سێ ڕۆژیش دان ئێشەت هەبوو , هاوسەرەکەم بواری دەدەایت پاش نان خواردنی ئێواران لە مناڵەکان دوور بکەویتەوە ,کەواتە دوازدە و حەوت ,نۆزدە ...لێی دەربکە ...ئەوەی دەمێنێتەوە ...ئم ...چل و یەك ڕۆبڵی تەواوە "

- چاوی چەپی یوڵیا ڤاسێلینا سوور بووبوو , چەناکەی لەرزی و بە پەشۆکاوی دەستی کرد بەکۆکە کردن , لووتی دانواند و هیچی نەگووت .

"پاشان نزیکی ڕۆژی سەری ساڵ بوو پیاڵەو ژێر پیاڵەیەکت شکاند ,دوو ڕۆبڵی لێ دەربکە , گەرچی پیاڵەکە لەوەش زیاتری دەهێنا و بۆماوە بوو , بەڵام ئێمە نەمانویست خۆمانی بۆ سەغلەت بکەین و خۆمانی ئەوی دی دەدەین .شتێکی تریش , بە هۆی کەمتەرخەمی تۆوە کۆڵیا بە دارەکەدا هەڵزنا و چاکەتەکەی دڕا , بۆ ئەوەش دەی تری لێ دەربکە , دیسان بە هۆی کەمتەرخەمی تۆوە خزمەتکارەکە پێڵاوەکانی ڤانیای برد ,دەبوو چاوەکانت بکەیتەوە و ئاگات لێ بێت , مووچە یەکی باشت وەرگرتووە , بۆیە پێنجی دیشی لێ پاڵ پێوە دەنین لە بری پێڵاوەکان , لە دەی جەنیوەریدا دە ڕۆبلی دیت وەرگرت "

یولیا لە ژێرلێوەوە

- وەرم نەگرتووە !

" بەڵام من تێ بینیم دەربارە نووسیوە "                    -

" بەڵێ , باشە ...لەوانەیە ...

" لە چل , بیست و حەوتمان لێ دەرکرد چواردەی مایەوە "

چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسك , لووتە باریك و بچووکە جوانەکەشی بریسکەی عارەقی دەهات ,ئەی منداڵە هەژارەکە !

بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گووتی " من یەکجار پارەم وەرگرتووە , ئەویش سێ ڕۆبڵ بوو لە هاوسەرەکەتم وەرگرت , ئیتر هەرگیز لەوە زیاترم وەرنەگرتووە "

زانیوتە ؟ من تێ بینیم دەربارەی ئەوەش نەنووسیوە , کەواتە دەبێ سێی دیش لە چواردەکە دەربکەین , یازدەی مایەوە . فەرموو ئەزیزم ئەوە پارەکەت , سێ , سێ , سێ , یەك و یەك , فەرموو بیگرە ئەزیزم .

من یازدە رۆبڵم دایەو و ئەویش بە دەستی لەرزۆکەوە وەریگرت و خزاندیە گیرفانیەوە و چپاندی

"سوپاس "

بەرز بوومەوە و دەستم کرد بە هات و چۆ کردن لە ژوورەکەدا , دۆخێکی زۆر توڕەم هەبوو .

لێم پرسی :

- بۆ دەڵێ ی سوپاس ؟!

_ بۆ پارەکە

" نەفرەت , باشە تۆ ئەوە لێك نادەیتەوە کە فێڵم لی کردیت ؟. پارەکەم دزیت ؟ پاش ئەو هەمووە ئەڵێیت سوپاس !.

" لە شوێنەکەی دیم هیچیان نەدامێ "                    -

-

" هیچیان نەدایتێ ! بەڵێ ناحەپەسێم . من قۆشمەمم لە گەڵ کردیت , قۆشمەیەکی پیس . هەشتا رۆبڵەکەی خۆتت دەدەمێ , ئەوە هەموویەتی لەو زەرفەدا بۆت دانراوە . ئایە پەسەندە کەسێك لەم جیهانەدا بێ مێشك بێت ؟ بۆ نارەزایەتیت دەرنەبڕی ؟ بۆ دەمت داخستبوو ؟ ئایە پەسەندە کەسێك لەم دنیایەدا لاواز بێت ؟ بۆ تۆ گەوجیت ؟.

زەردەخەنەیەکی رووناکتری بۆ کردم و لە ڕوخساریدا ووشەی " بەڵێ ,پەسەندە" م خوێندەوە .

داوای لێبووردنم لێ کرد سەبارەت بەو قۆشمە ڕەقە , هەروەها بۆ ئەو ئەو سەرسوورمانە گەورەشی کە هەشتا رۆبڵەکەم دایە . پاشان بە شەرمەوە و چەند جارێك لە سەر یەك گووتی سوپاس و چووە دەرەوە .

بە دوایدا درکاندم , بیربکەرەوە چەند ئاسانە لەم جیهانەدا بە هێز بیت .

.